# پەیامی کونگرەی 10ی کۆمەڵە بۆ کرێکارانی ئێران

**هاوڕێیانی کرێکار، هاوچارەنووسان!**

**لە هەل ومەرجێك دا کە قەیرانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگای ئێرانی داگرتۆە، فەقیری و بیکاری و بی‌مافی ژیانی ئێوە کرێکاران و خەڵکی دەست کورت و کەم داهاتی کۆمەڵگای زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر ژیانی لیٚ تال کردوون، سەرمایەدارانی ئێران، دەسەلاتداران و هاوچینەکانیان لە سەراسەری جیهان لە ئاکامەکانی قەیرانی سیاسی و ئابووری ئیستا نیگەرانن ودەزانن کە توانایی‌یەکانی رژیمی ئیسلامی بە پێکهاتەی ئیستایەوە بۆ پاسداری و پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایە لە ئێران رۆژ بە رۆژ کەمتر و بەرتەسك تر دەبێتەوە، هەر بۆیە هەموویان لە هەولی ئەوەدان و مەقبوولییەت بدەن بە ئاڵترناتیوی خۆیان یانی ئیسلاحی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە لای بیرورای گشتی.**

**لە بەرانبەر ئەم هەولانەی بورژوازی‌دا، ئەوە تەنیا حوزووری یەکگرتوو و سەربەخۆی کرێکارانی وشیار و ئاگادار لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان لە سەحنەی سیاسەتی ئێرانە کە دەتوانیٚ هەولی بورژوازی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی پاشەکشە پیٚ بکا و خەباتی ژنان و جەوانان و باقی توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە خواستە عادلانەکانیان بەرەو پێش بەریٚ.**

**کەوایە لە بەرانبەر هەولی بورژوازی ئێران بۆ جیٚگیرکردنی نیزامی ئیداری و قەزایی جێگای پەسەندی خۆیان و تەئمین کردنی دەخالەتی راستەوخۆی بەشی "قانوون مەداری" و "کۆمەلگای مەدەنی" تەبلیغ و تەرویج دەکری، ئاڵترناتیوی کرێکاری و سوسیالیستی‌ش لە جەریانی خەباتی سەنگەر بە سەنگەری چینی کرێکاردا بۆ گەیشتن بە خواستە عادلانەکانی، رێکخراوەیی سیاسی و پێك هێنانی رێکخراوەکانی جەماوەری و سەراسەری کرێکاری، شکل دەگری و هەنگاو بە هەنگاو توانایی و زەرفیەتەکانی خۆی بۆ زال بوون بەسەر گیروگرفتەکانی سەر رێگای ئەم خەباتە و چارەسەرکردنی قەیرانی ئیستا نیشان دەدا.**

**هاوڕێیانی کرێکار!**

ئێمە خەرێکی بەرێوەبردنی کونگرەی 10ی کۆمەڵە بووین کە لە دریژەی خەباتی تا ئیستاتان دا، هەوالی خەباتی هەزاران کەس لە ئێوە کرێکاران لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانمان پێگەیشت. کۆبوونەوەی نارەزایەتی ئێوە بۆ وەدەست هێنانی داواکاری‌یەکانی ئابووری و دژی قانوون و سیاسەتە دژی کرێکاری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و فر و فێڵەکانی خانەی کارگەرەکەی کە لەبەردەم وەزارەتی کار بەرێوە چوو، و بە هێرشی وەحشیانەی هێزەکاین ئینتیزامی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێوە دەستگیر و برێندار کران، جارێکی‌تر گوشەیەکی‌تر لە عەزمی چینی کرێکاری ئێرانی بۆ پێك هێنانی ئال و گور لە وەزعی ئیستادا نمایش دا.

ئێمە ویرای پشتیوانی لە هەر چەشنە خەباتێکی ئێوە بۆ گەیشتن بە خواستە چینایەتی‌یەکانتان، هەموو ئێوە کرێکاران بەرەو یەکگرتوویی چینایەتی و هەول دان بۆ سەراسەری کردنی خەباتێك کە ئیستا لە کایەدایە و بۆ بەرپاکردنی رێکخراوەکانی جەماوەری کرێکاری لە پیناو رووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری بانگەواز دەکەین.

کۆمەڵە وەك بەشێك لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەك هەمیشە خۆی لە پال دەستی خەباتی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان لە پیناو تەئمینی بەرژەوەندێکی چینایەتی هاوبەشی کە پێکەوە هەمانە دیتوە و لەم رێگایەدا لە هیچ هەول و تەلاشێك دریغ ناکا و رێبواری هەتاسەری ئەم رێگایەیە.

کونگرەی 10ی کۆمەڵە

گەلاویژی 1381

ژوئیەی 2002